سوپای ئیسرائیل ژمارەی هێرشکانی بۆ سەر ئێران و لوبنان ڕاگەیاند



ئەمڕۆ هێزی سوپای ئیسرائیل ژمارەی هێرشکانی بۆ سەر بارەگا و بنکە سەربازییەکان لە ئێران و پێگەکانی حزبوڵای لوبنانی ڕاگەیاند.

سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند، لە دوای دەستپێکردنی هێرش هاوبەشکەیانەوە لەگەڵ ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە سەرەتای هێرشکانەوە، 7600 گورزیان لێو وەتە وەشاندووە، هێروهها لە دوای دەستپێکردنی جەنگ لەگەڵ حیزبوڵای لوبنانی لە 2ـی ئادارەدا، 1100 گورزیان لە لوبنان وەشاندووە.

لەڕاگەیەندراوەکەدا سوپای ئیسرائیل ئاماژەی بەوە داوە کە لە سەرتاسەری خاکی ئێراندا ئێپەراسیۆن ئەنجام دەدات و نزیکەی 7600 گورزی وەشاندووە، زیاتر لە دوو هەزاریان بۆ سەر بارەگا و ئامانجەکان و نزیکەی 4700 گورزیش لە دژی بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران بووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، سوپای ئیسرائیل لە لوبنانیش زیاتر لە 1100 گورزی وەشاندووە، کە نزیکەی 190ـیان هێزی ڕەزوان (یەکەی بژاردەی حیزبوڵا)یان کردووەتە ئامانج، ئەمە جگە لە زیاتر لە 200 گورز بۆ سەر پێگە مووشەکییەکان و سەکۆکانی هەڵدانی مووشەک.